نەتەوە داگیرکراوەکان

نووسەر: کامیل ئەحمەدی[1]

من هەمیشە بە نیاز بووم سەردانی ئیسرائیل و فەڵەستین بکەم و لە نهێنی پشت کێشمەکێشەکانی ئەم ناوچە بزانم. کوردەکان بۆ بزووتنەوەکانی خۆیان ئیلهامیان لە کێشمەکێشەکانی فەڵەستینییەکان وەرگرتووە کە هەندێ جار و بە شێوەی ناوە ناوە لە دەق، ڕامان و شێعرەکانماندا خۆی دەنوێنێت. هاوکات ئیسرائیلییەکانیش هەندێ جار لە ئیدعای مێژوویی سەبارەت بە نیشتمانەکەیان هاوسۆزییان[2] لەگەڵ کوردەکان کردووە. لەو دەرفەتە خوێندکارییەی کە وەک کورد، خوێندکار و هەروەها هاوواڵاتییەکی هۆگر و جیهانیی تێگەیشتم کە کاتی ئەوە هاتووە بۆ ئەوەی لە گەرماوگەرمی کێشمەکێشەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سەردانی ئەم وڵاتە بکەم و بووم بە هاوکاری گرووپێک لە خوێندکارانی زانکۆ بۆ سەردانی زانکۆی ڕامەڵا، ئەو زانکۆیەی کە سەبارەت بە گەڵاڵەیەک لە مەڕ گرنگایەتی خۆراک لە ئێتنۆگرافی نەتەوەکان دەستە خوشکی زانکۆکەمانە. کاتی هاتنم بۆ فڕۆکەخانەی شاری تەلاڤیڤ، کەمێک هەستم بە بێتاقەتی کرد چوونکە کۆمەڵێ بەسەرهاتم سەبارەت بە ڕەوتی پشکنین لە کاتی هاتنە ژوورەوە بیستبوو و بەشێک لە من چاوەڕێی هەندێ کێشە و گرفتی دەکرد، بەتایبەت ئەوەی کە من هاوواڵاتییەکی بریتانیایی، لە دایکبووی کوردستانی ئێرانم و زۆر سەفەرم کردووە. کاتێک بۆ وەرگرتنی کارتی چوونە ژوورەوە ناچار کرام فۆرمێکی دوور و درێژ پڕ بکەمەوە و زانیارییەکی چڕ و پڕ سەبارەت بە هەموو شتێک، لە باوک و باپیر و ناویان و ڕێکەوتی لە دایکبوونی هەموو خوشک و براکانمەوە بگرە تا دەگاتە ئەدرەسی ئەلیکترۆنی بخەمە ڕوو، کە زۆری پەشۆکاندم. کاتێک کە من و هاوسەفەرەکانم گەیشتینە بەشی ئیداریی کۆنترۆڵی پاسپۆرت، هەموومان بەرەو سووچێکی هۆڵی فڕینەکانی هاتنە ژوورەوە ڕێنوێنی کراین و فەرمانبەرێکی ئێسک قورس پێی وتین دەبێ کەمێک بووەستن. ئەم فەرمانبەرە لە درێژەی ماوەی پرۆسەی ماندووهێنەری پشکنین و کۆنترڵ بە جێی نەهێشتین.

---

[1]- خەڵکناس و توێژەر
kameel14@hotmail.com
http://kameelahmady.com

[2] -identification



جوولەکە و عەرەبە خۆجێییەکان لە تەلاڤیڤ

پێیان وتین هۆکاری ئەم چاوەڕوانییە دوور و درێژە ئەنجامدانی هەندێ پشکنین و کۆنترۆڵی بانگهێشتنامەی زانکۆیی ئێمە بووە و هەروەها چاوەڕێی کەسێک بوون کە بڕیار وابوو وتووێژمان لەگەڵ بکات. کاتی وتووێژ، سەبارەت بە ژیانی تایبەتی، بریتانیا و پێشینەی بنەماڵەییم لە کوردستان پرسیارم لێ کرا. ئەوان هەروەها سەبارەت بە هۆکاری سەفەرەکانم بۆ میسر، سووریا، مەراکیش، ئەندۆنسیا و هەموو ئەو وڵاتانەی کە سەردانم کردبوون پرسیاریان لێ کردم. من لەم وڵاتەدا سووکایەتیهێنەرترین سەفەری توێژینەوەییم خۆمم بە ئەزموون کرد. سەرەڕای ئەوەی من لە دایکبووی وڵات و ناوچەیەک بووم کە لە چەقی ناکۆکییە جیهانییەکاندا بوو ئەم هەستە زۆر ناخۆش بوو. هەروەها هەموو پرسیارەکانمان لە بارەی بۆچییەتی و هۆکاری هەموو ئەم بەسەرهاتە تەنیا بە وشەی ئاسایش وڵام دەدراوە. لە کۆتاییدا، ئەم پرۆسە چڕەی پرسیار و وڵامە، وەڕەزی کردم و ناچار بووم کە حەڕەشەی بە دواداچوونی یاساییان لێ بکەم. لە کۆتاییدا هەر هەموومان لە یەکەمین قۆناغەکانی هاتنمان بۆ ناو وڵاتێکی ئیسرائیلی بە بێ هیچ داوای لێبووردنێک و لە لایەن فڕۆکەخانەیەکی چۆڵەوە پێشوازیمان لێ کرا ئەوە لە کاتێکدا بوو کە جانتا و ساکەکانمان هێشتا لە سەر ڕاگوێزەری کپ و دوورخراوە کەڵەکە ببوو. تابلۆی گەورەی "بەخێر بێن بۆ ئیسرائیل" کە لە ژووری درگای هاتنە ژوورەوە هەڵواسرا بوو کە بە لامانەوە تا ڕادەیەک تەوساوی بوو. یەکەمین هەستی من ئەوە بوو کە خۆم لە شارێکی پاک و خاوێن دەبینمەوە بەڵام هاتنی ئێمە هاوکات بوو لەگەڵ پشووی شووباتی جوولەکەکان کە پیشانی دەدا کە پاس بۆ چوونە شەقانە دوورەدەستەکانی تێلاڤیڤ نییە. بە لای منەوە پشوویەکی ئاینی لەم

چەشنە کە تێیدا ئەنجامدانی هەموو کارێک تەنانەت شۆفێریش قەدەغە بێ زۆر سەیر بوو و منی ناچار کرد کە سەبارەت بە قوولایی ئەم بڕوادارییە لەم وڵاتە نوێیەدا قوڵ ببمەوە. پاش پشوو و حەسانەوەی دوای فڕینی پاشنیوەڕۆ بە مەبەستی خواردنی نانی نیوەڕۆ بۆ ڕیستوڕانتێک دەگەڕاین. لە کۆتاییدا هەر چۆنێک بوو توانیمان ڕێستوڕانتێک بدۆزینەوە کە لە ڕۆژی شەممەدا کراوە بێ و هەڵبەت بە هۆی ئەفسەرە چەکدارەکان کە لە بەر درگای هاتنە ژوورەوەی ڕیستوڕانت بوون و هەندێ جار جانتاکانیان دەپشکنی، پەشۆکام. لەوێدا من خەستیی سەربازیی لە ئیسرائیلم بۆ دەرکەوت. بینینی هاوتەریبایەتی لە نێوان ڕووداوەکانی هاڵۆکۆست و ئۆپەراسیۆنی ئەنفال لە هەرێمی کوردستان بۆ من زۆر سەیر بوو و من هەڵوەدا بووم بۆ ئەوەی لایەنەکانی دیکەی ئەم وڵاتە بدۆزمەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی سەردانی مۆزەخانەی دیاسپۆڕای (کۆمەڵگە دوور لە نیشتمانەکان)ـی جوولەکەکانمان کرد. بەردەرگانەی تاریک و خەمۆکهێنەری مۆزەخانە پڕ بوو لە دروشمگەلێک کە بابەتی بە قوربانی کردنی مێژوویی جوولەکەکانی دەخستە مێشکی دیدەنکاران. ئەوان هیچ کەلێنێکیان بۆ هەستی قوولّی کارەساتی هاڵۆکۆست و بێبەزەییەک کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی ملیۆنان جوولەکە نەهێشتبووەوە.



دەقێک سەبارەت بە مۆزەخانەی دیاسپۆرای جوولەکەکان لە تەلاڤیڤ

ئینجا بۆ سەفەرێکی 40 خولەکی بۆ ئوورشەلیم خۆمم ئامادە کرد و لە وێزگەیەکی پاسی قەرەباڵغ بۆ تاکسییەکی هاوبەش یان شرۆت گەڕاین. یەکەم تێگەیشتنی من بەم شێوە بوو کە ئەم شارە بە هۆی ئایینی بوونییەوە زوو

دەنووێت. بۆم دەرکەوت کە زۆربەی فرۆشیارەکان بازاڕی کۆنی شار عەرەبە فەڵەستینییەکان بوون. هەندێ جاریش جوولەکەی ئۆرتۆدۆکسی دەبینران کە لە شەقامە باریک و تاریکەکانی بازاڕە کۆنەکاندا جلی نەریتیی ڕەشیان لە بەر دەکرد. ئەزموونی سەرەتایی ئێمە لە شار ئەزموونێکی پۆلیسیی بوو وێڕای هەڵسووکەوت لەگەڵ بەرپرسە چەکدارەکانی ئاسایش کە زۆر جار ڕایاندەگرتین و ئێمەیان سەبارەت بە کاری خۆیان دەدواند یان لە بارەی کێشمەکێشی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل پرسیاریان لێ دەکردین. کاتێک بۆ دواندنی سەربازە ئیسرائیلییەکان لێیان نزیک دەبووینەوە، نیگای تووڕە و پڕ لە بێزارییی فەڵەستینییەکانم بۆ دەردەکەوت. هاوکات کە وێنەم دەگرت سەبارەت بە بارودۆخی گشتی ئیسرائیل و فەڵەستین ڕا و بۆچوونیانم دەپرسی. دوو کەس لە سەربازە گەنجەکان تەنیا تامەزرۆی گفتوگۆکردن لەگەڵ بیانییەکان بوون و لە بەرامبەردا هۆگری باسی سیاسی نەبوون. ئەفسەرە فەرماندەرەکەیان (کە بە وتەی ئەو دایک و باوکی لە شاری بەمبەیی لە هیندوستانەوە بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کردووە) ئاماژەی بەوە کرد کە بە هۆکاری ئەمنییەتی و ئاسایشیی میلیتاریزەیەکی زۆر لە ناوچەکەدا بوونی هەیە کە ئەوە ڕاست منی وەبیر پرسیار و ڕستەکانی ئەفسەری پۆلیس لە کاتی لێدوان لە فڕۆکەخانە خستەوە.



ئەفسەرە چەکدارە پۆلیسەکان ڕوو لە دیواری پیرۆز

یەکەمین وەستانمان لە ڕۆژی دواییدا گەڕەکی جوولەکەکان لە بەشی کۆنی شار بوو کە وەک یەکێک لە سێ بەشی سەرەکی دەهاتە هەژمار. لەو ڕووەوەی کە هاوسەفەرەکانم پێشینەی مەسیحیان هەبوو و من لە وڵاتێکی ئیسلامی گەورە ببووم، هەمووان لە سەر ئەوە ڕێک کەوتین کە بە بێ وروژاندن ئیش بکەین و بە بێ

ڕەچاوکردنی پەیوەندییە تایبەتییەکانمان گەڕەکەکان دەستنیشان بکەین. دیواری بەناوبانگی نودبە هەمیشە بە لامەوە سەرنجڕاکێش بوو و زۆر چاوەڕێی بینینی بووم. جوولەکەکان بە گرتنە دەستی تەوڕات بەرامبەر بە دیواری نودبە وەستابوون و لە کاتی نزا و پاڕانەوە سەریان دەلەقێنن. پاش ئەوەی لە ڕێگەدا یاریامکەم کڕی و تێدەکۆشام کە لە سەر قژە تازە کورتکراوەکەمی دابنێم، من بە هەڵسوکەوتی دۆستانە و هێژایانەی زیارەتکارە جولەکەکان کە بە زمانی عیبری لەگەڵم ئاخافتنیان دەکرد و پێیان وا بوو من جوولەکەیەکی ڕاستەقینەم سەرسام بووم. کاتێک بەرەو دیوارێک دەچووم کە پاش چەندین سەدە تاکە پاژەی بە جێماوی پەرستگەی سەرەکی بوو دیوارێکی ڕووتم بەدی کرد کە ببووە شوێنی شینبوونی ڕووەکی بژاریی. من بە وێنە گرتن و هاتوچۆ کردن لە ناو زیارەتکارانی گەنج و پیر توێژینەوەکەی خۆمم دەست پێ کرد.



جوولەکە ئۆرتۆدۆکسییەکان کە ڕۆژانە بۆ نوێژ و پاڕانەوە سەردانی ئورشەلیم دەکەن.

گرووپێکی گەورە لە هێزە ئاسایشییە چەکدارەکان بە ڕێبەرایەتی خاخامێک بە دەنگی بەرز دەگریان و دۆعایان دەکرد. لە نزیک دیوارێک هەوڵم دا جوولەکەیەکی ئۆرتۆدۆکسی ڕدێن درێژ بدوێنم. بە ئینگلیزییە تەق و لەقەکەی تێی گەیاندم کە کوڕەکەی نەخۆشە و لە تێچووی دەرمان لە ئیسرائیل ناڕازییە. پێی وتم ڕۆژانە نزیکەی 1 بۆ 1.5 کاتژمێر تەرخانی هاتووچۆکردنی ئورشەلیم دەکا بۆ ئەوەی بە مەبەستی دۆعا و پاڕانەوە خۆی بە دیوارەکە بگەیێنێت. پاش ئەوە چاوپێکەوتنم لەگەڵ دوو گەنجی جوولەکەی یامووک بەسەر کرد کە خەریک بوون ئاواتەکانیان لە سەر پەڕە کاغەزێک دەنووسی. ئەوان وتیان پاش دۆعا و نزا دەتوانن کاغەزەکانیان بخەنە پاڵ ئاواتەکانی دیکە بەو هیوای لە لایەن خوداوە بەدی بێت. هاوڕێکەیان پێی وتم خاخامی

گەورە مانگی جارێک هەموو کاغەزەکان کۆ دەکاتەوە و لە ژێر سێبەری دیواردا دەیانسووتێنێت. ئینجا دووکەڵەکە دەچێ بۆ ئاسمان و بۆ لای خودا و ئەو کاتە هەموو ئاواتەکان بەدی دێن. کاتێک کە ئەوان زانیان من کوردێکی لە دایکبووی ئێرانم زیاتر هۆگرییان پیشان دا و دەیانویست بزانن کە ئایا ئێران هێشتا وەک تۆمۆری خۆرهەڵاتی نێوەراست سەیری ئیسرائیل دەکات. لەم ڕێگەوە ئەوان زۆر زیرەکانە لە پرسیارەکانی من کە لە بارەی گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین بوو لایان دا و لە بەرامبەردا بیر و بۆچوونی خۆمیان لەم بارەوە دەویست.

ئینجا لە پیاوێکی جوولەکەی تورک نزیک بوومەوە کە خەریکی نزا و دۆعا بوو و بە زمانی تورکی دەستم کرد بە دواندنی. کاتێک زانیم کە ناوبراو سەبارەت بە پرسی کوردەکان زۆر زانیاری هەیە زۆر پەشۆکام. سەبارەت بە کێشمەکێشی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین پرسیارم لێ کرد و ئەو باوەڕی بە دانووستان و ڕێگە چارەیەک لە سەر بنەمای دروستبوونی دوو وڵات بوو. لە بارەی پرسی کورد و تورکەکان لە تورکیاش هەمان بۆچوونی هەبوو. ناوبراو هەروەها یارمەتییەکی زۆری دام و لە بارەی چۆنیەتی و کاتی نوێژ و دۆعا وەک کەسێکی جوولەکە وردەکاری و هەروەها کەلوپەلی پێویستی پێدام. بە پەرژینێکی ئاسنی شوێنی نوێژیان لە پاڵ دیوار بۆ ژنان و پیاوان جیا کردبووەوە. سەرەڕای ئەمە، بەردەوام دەنگی دۆعا و پاڕانەوەی ژنان دەبیسترا و نگابانەکان کاتی هاتن بە زیارەتکارە ئافرەتەکانیان دەوت کە چۆن خۆیان بە جلوبەرگی گونجاو دابپۆشن. پاشان سەردانی چوار کەنیسەی سێفاردییەکانی ئەو ناوچەمان کرد کە لە ئۆرشەلیمدا لە هەمووان کۆنترە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پەرستەگەی دووهەم.



گەنجێکی مەسیحی خەریکی دۆعاکردن لە سەر گۆڕی مەسیح لە کلیسای گۆڕی پیرۆز

پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە ژێر تینی سووتێنەری خۆر و لە ڕێگەی تێپەڕگە باریکەکانی سووق بەرەو گەڕەکی مەسیحییەکان و کلیسای گۆڕی پیرۆز درێژەمان بە ڕێگەکەمان دا. بە جەسارەتەوە دەتوانین بڵێین ئەم ڕێگە پڕگەشتیارترین و هەرەوەها ڕێکوپێکترین گەڕەکی شاری کۆن بوو. بە وتەی هەندێ کەس کلیسای گۆڕی کۆن دواییN شوێنی پشووی مەسیح بووە. گۆڕی مەسیح لە لایەن قەشەیەکی عەرەب زمان دەپارێزرا و نگابانێکی هەبوو کە ڕێگەی بە دیدەنکاران نەدەدا کە کاتێکی زیاتر لە کاتی دیاریکراوی خۆیان نوێژ بکەن یان مۆم هەڵبگیرسێنن و هەروەها بە جلوبەرگی نەشیاو و یان دانەپۆشینی دەست و لاق بێڕێزی بکەن. ئەم گۆڕە بچووک و تاریک بوو و بە ڕووناکایی مۆم ڕوون بوو و ناوەوەی شوێنەکە بە عوود بۆنخۆشە. دیزاینەکەشی لە چاو دیزاینی کلیسای دەوروبەری زۆر سادەیە. پاش ئەوە بە نیاز بووین سەردانی کلیسای یووحەنای مەعمەدان بکەین کە وەک دەڵێن کۆنترین کلیسای ئوورشەلیمە و لە کاتی شەڕی خاچپەرستەکان لە لایەن شووالییەکانەوە بە کار دەهێنرا. بەڵام بە داخەوە کلیسا داخراو و چۆلکراو بوو و تەنیا بەشی دەرەوەی کە بێچمێکی گومبەزیی و گەچکاریکراوی لە ڕێگەیەکی ئاسانەوە لە سووق دەبینرا کە زۆر بچووک و تا ڕادەیەک ون بوو.

بە مەبەستی پاشەکەوتکردنی وێنەکانم لە لاپەڕەیەکی چڕ و هەروەها ئاگاداربوون لە هەواڵی ڕۆژی جیهان چوومە کافی نێتێک لە سووق کە لە لایەن گەنجێکی فەڵەستینییەوە بەڕێوە دەبرا و لەو کاتەدا زۆر بە گەرم و گوڕی چاک و خۆشی لەگەڵ کچە جوولەکەیەکی بڕازیلی دەکرد. لە کاتێکدا کە خەریکی کۆپیکردنی لاپەڕەکانم بوو پێکەوە قسەمان کرد و من سەبارەت بە ئاسۆی ئاشتی لە ئوورشەلیم ڕا و بۆچوونی ئەوم پرسی. ناوبراو پێی وا بوو هەتا ئەو کاتەی ژیان لەبارە و ئیسرائیلییەکانیش لە ئوورشەلیمی ڕۆژهەڵاتی بچنە دەرەوە، ئەگەری دانوستان هەیە. بەڵام لەوەی کە ئەم بابەتە لە کاتی ژیانی ئەودا ڕوو بدا دڵنیا نەبوو. ناوبراو وتی: «ئەگەر لە من بپرسی، هەموو مەزهەبییەکان بە هەر ئاین و ئایدیۆلۆژیایەکەوە لەم ناوچەدا شێتن و هۆکاری دروستبوونی هەموو ئەم کێشانەن.» کاتێک کە گەڕامەوە بۆ شوێنی مانەوەی خۆم، لەگەڵ ژن و مێردێک بە جیدی وتووێژمان کرد. ئەوان ماوەیەکی زیاتر لە دە ڕۆژی سەفەرەکەی ئێمە خەریکی سەفەرکردن بۆ فەڵەستین و ئیسرایيل بوون. پیاوە فەڕەنسییەکە وتی: «سەیر کە، من خەڵکی فەڕەنسەم و لەم شتانە تێناگەم. لەم چەشنە بێزارییە قووڵەی کە لە لایەن هەر دوو لاوە دەبینرێت. لە کۆتاییدا بڕیارم دا کە تەنیا فڕێ بم و ئەزموون بکەم. هەوڵ مەدە سەرەندەری بابەتەکە بکەی، ئەگینا مێشکت دەتەقێت.» من بە پێی لێکچوونەکانی نێوان ئەم پرسە و گرژی کوردەکان وڵامم داوە: «من بە هۆی پێش زەمینەی خۆمەوە دەتوانم لەم هەستی

بێزارییە تێ بگەم. چوونکە منیش ئەم چەشنە بێزارییە کوێرکوێرانەی تۆم بە ئەزموون کردووە، ڕاست ئەو کاتەی کە پەیوەندییەکی نزیکم لەگەڵ ئەو دنیایە هەبوو کە ئەم بێزارییەی تێدا لە دایک بووە.»

بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی چووینە دواییین شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی شار واتە گەڕەکە موسڵمان نشینەکان. مەسجدلئەقسا و قوبەتولسەخرا لە ئاینی ئیسلامدا پیرۆزترین ناوچەکانن.



کاتی نوێژی نیوەڕۆ لە مەسجدلئەقسا و قوبەتولسەخرا کە ژنان لە پاڵ پیاوان نوێژ و دۆعا دەکەن.

ئەم دوو بینایە ڕاست لە ژوور دیواری باشووریدان و لە ڕێگەی ڕێڕەوێکی دوور و درێژ کە لە سەرەوەی نوێژینگەی جوولەکەکان تێپەڕ دەبێ، شیاوی دەستپێڕاگەیشتنە و خەڵک بەر لە هاتنە ژوورەوە بە شێوەیەکی زۆر سەختگیرانە بە ئامێری ئاسندۆز پشکنینی جەستەیی دەکرێن. پاش هاتنە ناو گۆڕەپانی سەرەکی، جوانی گومبەزە زێڕینەکە زۆر سەرنجڕاکێشە. سەرەڕای ئەوەی ئەو شوێنە وەبیرهێنەرەوەی بیرەوەرییەکانی منداڵیم بوو ئەو کاتەی کە گەنجانی فەڵەستینی لە خۆپیشاندانەکاندا بەردیان هەوا دەدا و هەندێ جار بە فیشەکی سەربازە ئیسرائیلییەکان وڵامیان دەدراوە. خۆپیشاندانێک کە بە دژایەتیکردنی ئاریەل شارۆن بۆ چوونە ناو مەسجدلئەقسا زیاتر بووەوە و هۆکارە سەرەکییەکەشی دەست پێکردنی ئینتفازەی نوێ بوو. من هەموو ئەم دیمەنانەم لە تافی منداڵی و مێرمنداڵیدا لە هەواڵەکاندا بینیبوو. بڕیارم دا بچمە ناو مزگەوتەکە بەڵام نگابانەکە پێی وتم کە مزگەوت تەنیا بۆ نوێژکەران کراوەیە و بڕوای بەوە نەدەکرد کە من کەسێکی موسڵمانم. داوای

کارتی ناسنامەی کرد و ئینجا بۆ تاوتوێ کردنی زێدەتر منی نارده لای گەورەکەی کە ئەویش بۆ دڵنیابوون لە من داوای لێ کردم کۆمەڵێ لە ئایەتەکانی قورئان بخوێنمەوە. پاش کەمێک بێدەنگی هەوڵم دا ئەو چەند دێرەی کە لە بیر مابوو بیخوێنمەوە.

بەڵام لە ئەنجامدا کاتی خوێندنەوە کەمێک زمانم گیرا و کەوتمە پتە پت کە لە ناکاو ئەفسەری پەیوەندیدار ڕازی بوو و ڕێگەی پێدام بچمە ژوورەوە. سەرەڕای ئەمە بە تەواوەتی ڕازی نەبوو و منی لەگەڵ پارێزەرێک کە لە درێژەی ئەو ماوەدا لەگەڵم بوو بەرەو ناوەوە ڕێنوێنی کرد. ئەوان بڕوایان بە من نەدەکرد و وتیان بە هۆی ترس لە بۆمبڕێژی یان هێرش، هاتن بۆ جوولەکە و مەسیحی قەدەغەیە. بەڵام بەشێکی لە مزگەوتەکەی پێ نیشان دام کە کرابووە ئامانجی تەقەمەنییەکان (وەکوو پەنجەرەیەکی شکاو) و بە وتەی ئەوان نوێژکەران بە گازی فرمێسکڕێژی سوپای ئیسرائیل هێرش کراوەتە سەریان. کەمێک هەست بەوە کرد کە کۆی شوێنەکە ئابلۆقە دراوە چوونکە هەموو خاڵەکانی هاتنە ژوورەوە پڕ بوو لە ئەفسەری چەکداری ئیسرائیلی. لەگەڵ ئەوەی دەهاتینە دەرەوە، ئەم ئەفسەرانە خەریکی پشکنینی بەڵگەی ناسنامەی ژن و مێردێکی گەنج بوون بۆ ئەوەی لە موسڵمانبوونی ڕاستەقینەیان دڵنیا ببنەوە.



هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی مزگەوت لە لایەن هێزەکانی پۆلیسی ئیسرایيل کۆنترۆڵ دەکرێت.

پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە سەردانی شاعیر و ڕووناکبیرێکی ئیسرایيلی بە ناوی گابرییەلمان کرد کە هەڵبەت من پێشتر بە هۆی یەکێک لە دراوسێکانم لە لەندەن لە ڕێگەی ئیمەیلەوە لەگەڵی ئاشنا ببووم. ئەو بە تەواوەتی

ڕەخنەی لە دەوڵەتی ئیسڕاییل دەگرت و پێی وا بوو زۆر کەسیش لەگەڵی هاوڕان. و ئەوەی کە گروپێکی بچووک بەڵام دەسەڵاتدار لە میلیشیا کۆنسێرڤاتیەڤەکانی وەک ئاریەل شارۆن کۆی کێشمەکێشەکان و ڕەوتی ئاشتییان قۆرخ کردووە. ئینجا ئاماژەی بەوە کرد کە ڕووداوگەلی وەک جیابوونەوەی ئەم دواییەی غەزە بە بێ ئەم چەشنە سیاسەتە دیکتاتۆرییانە هەرگیز مومکین نەدەبوو. چوونکە کۆمەڵگای نێگەران و نالەباری ئیسڕاییل لە کۆنسێرڤاتیڤی خۆیدا بۆ متمانە دەگەڕێت. گابرییەل هەروەها پێی وایە کە ڕاپەڕاندنی وەها داپەڕێک لە لایەن دەوڵەتێکی لیبرالتر بێگومان وڵات بەرەو جەنگی سارد پەلکێش دەکات.

بۆ ڕۆژی دوایی شوێنی نیشتەجێ بوونمان بەرەو ڕامەڵا بە جێهێشت بۆ ئەوەی یەکەم ئەزموونی ڕاستەقینەی خۆم لە ژیانی فەڵەستینیی لە لێواری ڕۆژاوایی وەدەست بێنم. لە درێژەی ڕێگەدا لە پاسدا، لە هەر دوو لا دیواری کۆنکرێتی مەزن بەدی دەکرا کە بە کۆمەڵێ گرافیت بە زمانەکانی عیبری، ئینگلیزی، عەرەبی، ئیسپانیایی و دیکەی زمانەکان بابەتی لە سەر هەڵکۆڵرا بوو کە هەندێکیان بۆ پشتیوان لە حیماس و نەهزەی فەڵەستین بوو و لە لایەن جانتا کۆلییە گەڕۆکە ئاشتیخوازەکانەوە نووسرا بوون. سنووری دیوارەکان و بازگەی پشکنین بشێوییەکی ڕاستەقینە بوو؛ قەرەباڵغ، پیس و پۆخڵ و پڕ لە تاکسی و پاسگەلێک کە بەردەوام لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی لێواری ڕۆژاوایی مسافریان بەرەو ئیسڕائیل و بە پێچەوانە دەگواستەوە. یەکێک لە هاوسەفەرەکانم ئەم شوێنەی بە هەسارەیەکی بشێو و شپرزەی یەکێک لە فیلمەکانی جەنگی ئەستێرەکان یان بە واتایەکی دیکە تەواو جیاواز لەم جیهانە شووبهاند.



کالێندیا یەکێک لە دوور و درێژترین بازگە پشکنینەکانە بۆ کۆنترۆڵی ئەو کەسانەی کە دەچن بۆ لێواری ڕۆژاوایی و تەنیا بۆ ئەو ئیسڕائیلیانە کراوەیە کە مۆڵەتی سەفەریان هەیە.

ئەم بازگە کە ناسراو بە کالێندیایە یەکێک لە دوور و درێژترین بازگەکانی پشکنین بۆ کۆنترۆڵی ڕۆژانەی ئەو کەسانەیە وا بەرەو لێواری ڕۆژاوایی دەچن. هەر لەبەر ئەوەش، خێرا لە وشەی ئەو مسافرانەی کە بەرەو فەڵەستین دەچن (تەنانەت ئەوانەی کە بە شێوەی کورت خایەن سەفەر دەکەن) بەدناو دەبێت. ئەو کۆمەڵە کەسانەی کە نیازی تێپەڕینیان لەم شوێنە هەیە دەبێ لە تووندێڵێکی دوور و درێژ تێپەڕ ببن کە لە هەر دوو لاوە بە پەرژینی ئاسنی هاوشێوەی شیشی بەندیخانە دەورە دراوە. هەڵومەرجی تێپەڕین لە ئاراستەی پێچەوانە بەرەو ئیسرائیل زیاتر هاوشێوەی بارودۆخی گەورِی ئاژەڵە کە تێیدا کەسانی شانسدار کە مۆڵەتی تێپەڕینیان هەیە پاش تێپەڕین لە دەروازە ئاسنییەکانی دەکەونە بەر پشکنینی ئەمنی دوور و درێژ و چڕ. لە لایەکی تریشەوە کۆی ئەم پرۆسە دووپات دەبێتەوە؛ شوێنێکی پڕ لە تاکسی کە هاوشێوەی باهوو بە دوای مشتەریدا دەگەڕان. جیاوازی سەرنجڕاکێشی هەر دوو لا لێرەدایە کە لە لێواری ڕۆژاوایی نەبوونی سەرنجڕاکێشی هێزە ئاسایشییەکان تەنانەت لە لایەن بەرپرسانی فەڵەستینییەوە بە تەواوەتی هەستی پێ دەکرا. لەم لاوە دیواری تاوەرێکی چاودێریی دەبینرا کە پڕ بوو لە دەڵانی ڕەنگ؛ شانۆیەکی هەمەڕەنگ لە ناڕەزایەتی حەشیمەتێک کە بۆ دەربڕینی خۆیان ئامرازێکی کەمیان لە بەر دەست بوو.



دیواری لێواری ڕۆژاوایی کە بە وتەی حەشیمەتی ڕێکخراوی نەتەوەکان نایاساییە.

ڕامەڵا شارێکی قەرەباڵغ و پڕهەرا و هۆریا و پڕحەشیمەتترین شاری فەڵەستینە. بوونی حکوومەتی خۆبەڕێوەبەری فەڵەستین کە بە کلاشینکۆفی کۆن چەکدار کراون لە شەقامەکانی ئەم شارەدا بەتایبەت لای ئێواران زۆر دەبینرێت. بۆ دواندنی هەندێ لەو پۆلیسانە وەستاوین کە هۆگرییان پیشان دەدا، ئەگەرچی تەنیا

یەکێکیان دەیتوانی بە ئینگلیزی لەق و تەق قسە بکات. کاتێک لە مەڕ بوونی هێزە ئیسرائیلییەکان لە لێواری ڕۆژاوایی پرسیارم لێ کرد، ڕوونی کردەوە کە لە ئێستادا بەشی هەرە زۆری ئاسایشی ڕامەڵا لە لایەن هێزە ئاسایشییەکانی فەڵەستین دابین دەکرێت. بەڵام وتەکەی خۆی مەرجدار کرد و وتی: «هەندێ جار شەوانە دێن و چەند کەس قۆڵبەست دەکەن و ئێمە دەنگ ناکەین. ئەمە ئاشتییە.» ئینجا شانی هەڵتەکاند و کۆتایی بە قسەکەی هێنا.

لەگەڵ ئەوەی لە شەقامەکاندا دەڕۆشتین پیاوێکمان بینی کە جلێکی نەریتیی عەرەبی و عەگال بەسەر کە هاوشێوەی عەرەفات بوو. ناوبراو زۆر پێداگرانە دەیویست ماڵی خۆیمان پێ نیشان بدا و ئیدعای دەکرد بە هۆی چالاکی سیاسی خۆی و باوکی لە لایەن هێزە ئیسرائیلییەکانەوە ماڵەکەیان وێران و داگیر کراوە. ناوبراو پێی وتین ماڵەکەی 300 مەتر لە شوێنی ئێمەوە دوور بووە کە هەڵبەت لەوە زیاتر بوو. دەویست خۆی بۆ هەڵبژاردنە خۆجێییەکان بەربژێر بکا و ئیدعای ئەوەی دەکرد کە وەک مامۆستای خانەنشینکراو هەموو قوتابی و هاوکارەکانی پشتیوانی لێ دەکەن. لەگەڵ ئەوەی ئاماژەی بە زبڵی ڕژاوی سەر شەقام دەکرد، وتی کاتێک نەتەوەیەک لە بارودۆخی بێهیوایی و بێدەسەڵاتی ژیان بە سەر دەبا چیتر گرنگی بە ژینگەی دەوروبەری، ژیانی خۆی و یان تەنانەت هەندێ جار بارودۆخی جەستەیی خۆی نادات.



وێنەکانی سەدام حسێن و ئوسامە بن لادەن لە یەکێک لە شەقامەکانی ڕامەڵا کە چاوەڕێی مشتەری بوون.

ناوبراو بیر و باوەڕێکی دەمارگرژانەی بەرامبەر بە ئافرەتان هەبوو و پێی وا بوو کە ئەوان بوونەوەرانێکی گەمژەن کە تەنیا بیر لە ئارایشت دەکەنەوە. هەروەها بە هیچ چەشنێک باوەڕی بە ئەگەری ئاشتی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل نەبوو و بە گشتی هیچ هۆگریی و متمانەیەکی بە ئیسرائیلییەکان نەبوو. ئینجا درێژەی پێدا و وتی بە ڕای ئەو سەدام حسێن کەسێک باش بوو و لە کۆمەڵگەیەکی دووبەرەکییانەی وەکوو وڵاتی عێراق تاکە ڕێگەی حکوومەت ئەوە بووە. کاتێک ویستم بە چالنجی بکشێم و لە بارەی ئەو توند و تیژییانە قسە بکەم کە سەدام دژ بە کوردەکانی عێراق و هاووڵاتیانی عێراقی لە هەڵەبجە یان ئەنفال ئەنجامی دا، زۆر سادە منی ڕەت کردەوە و وتی: «ئەو بووشە گەمژەش لە عێراق زۆر کەسی کوشت و هەروەها ئەوەی کە هەموو کەس لە هەنگوین ناچن.» هاوسەرەکەی زۆر هۆگری دیدار و دواندنمان نەبوو و ئێمە پاش خواردنەوەی کووپێک قاوەی ڕەشی عەرەبی ماڵاوییمان کرد و بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ئاواتی سەرکەوتنمان بۆ خواست. بۆ بەیانی زوو بەر لە بە جێهێشتنی هۆتێل بۆ یەکەم سەردانی خۆم لە زانکۆ، هاوڕێیەکی نوێمان بە تەلەفۆن بانگهێشتی کردین بۆ ئەوەی لە سەفەر بۆ نابلۆس لەگەڵی بین. بەڵام من بانگهێشتی ئەوم ڕەت کردەوە و وتم لە لایەن زانکۆوە بەرنامەی دیکەمان بۆ ئامادە کراوە.



مەزاری یاسر عەرەفات کە بە باوەڕی زۆر کەس کۆسپی سەرەکی بەردەم ئاشتی بوو لە ناوچەیەکدا کە لە کاتی ژیانیدا لەوێ گەمارۆ درا بوو.

ئینجا بەرەو مەزاری یاسر عەرەفات وەڕێ کەوتین؛ مەزارێکی خاوێن و چێکراو لە بەردی مەرمەڕی نوێ و بریقەدار و شووشەیی کە تەواو لەگەڵ ئەو شوێنە کۆنە و ڕزیوەی دەوروبەری لە پارادۆکسدا بوو. مەزار

لە لایەن دوو کەس لە هێزەکانی خۆبەڕێوەبەری فەڵەستین دەپارێزرا کە لەگەڵ هاتنمان گارێدێکی تا ڕادەیەک فەرمیتریان گرتە خۆیان. لە درێژەی بینینی مەزار چاومان بە تەنیا گرووپێکی گەشتیاری بیانی (گرووپێکی ژاپۆنی) کەوت کە لە لێواری ڕۆژاواییدا بوون. مەزارەکە خۆی لە شوێنێکدا چێ کرا بوو کە یاسر عەرەفات (کە بە باوەڕی زۆر کەس ڕێگری سەرەکی بەردەم ئاشتی بوو) لە کاتی ژیانیدا پتر لە ساڵێک لەوێ گەمارۆ درا بوو. سەرەڕای هەر وێنەیەک کە یاسر عەرەفات لە دەرەوەی فەڵەستین هەیبوو، خۆڕاگری فەڵەستینییەکانی بەو وێنە بەناوبانگەی کە مێزەری فەڵەستینی لە سەرە تەیار دەکرد. لەم بارەوە وتووێژێکی دوور و درێژم لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی پلە باڵای هێزە خۆبەڕێوەبەرییە فەڵەستینییەکان کرد کە لە هێزی دەریاوانی نەیجەرییاش کاری کرد بوو. ئەو پێی وا بوو ئەگەرچی حکومەتی خۆبەڕێوەبەری فەڵەستین سەرەڕای بوونی سەرچاوەیەکی سنووردار ڕێگەیەکی دور و درێژی گرتۆتە بەر، بەڵام پاشەکشێی تەواوی ئیسرائیلییەکان لە لێوارە ڕۆژاواییەکان دەتوانێ بۆ میلیشیاکانی حیزبوڵا و حیماس و هێزە خۆبەڕێوەبەرەکان هەم ئاشتی و هەمیش بەڕێوەبەریی پێویست و کورتخایەن بە دیاری بێنێت.



پشتیوانانی سەرۆک کۆماری فەڵەستین ئەبوو مازان لە فێستیڤاڵی ئازادی غەزە

پاش ئەوە بەرەو شاری هێبروون سەفەرمان کرد کە بە شوێنی جەنگە خوێناوییەکانی نێوان دانیشتووانی فەڵەستینی و ئیسرائیلی ئەوێ بەناوبانگ بوو. ئێمە سەردانی شاری کۆنی هێبروونمان کرد کە وەک زێدی

ئیبراهیم که یەکێک لە کەسایەتییە گرنگەکانی ئاینی جوولەکە، مەسیحییەت و ئیسلام و ڕێزلێگیراوی 700 جوولەکەی دانیشتووی ئەو ناوچەیە و لە لایەن ئیسرائیلییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. کاتی چوونە ژوورەوە بە خەستی پشکنین کراین و لە ڕێگەی کەشەوییەکەوە کارتی ناسنامەمان دا بە ئەفسەرێک کە نەماندەبینی. پاش چوونە ناو شار خۆمان لە ناو کۆمەڵێ شەقامی چۆڵ و بێدەنگ بینی کە ئەفسەرانی چەکدار لە هەموو گۆشە و کەنارێک بەدی دەکران. لێرەدا ڕووبەڕووی ئەو پەڕی پووچی ڕژیمی ئیسرائیل بووینەوە؛ لە خەڵکانێک سەرسام بووین کە ئەزموونێکی تاڵی وەکوو هۆڵۆکۆستیان تێپەڕاندبوو و ئێستاش هەڵگەڕاونەتەوە و بارودۆخەکەیان بۆ دیتران هاوشێوەی بارودۆخی گێتۆی جەنگی جیهانی دووهەمی کردبوو. لەگەڵ چوونە ژوورەوە ڕیزێک سەربازی چەکدار و ئامادە لە درێژایی شەقامدا لە هاتووچۆدا بوون و ڕێک چەند مەتر ئەولاتر دوو کوڕی منداڵ بە بێ گوێدانە توند و تیژبییەکانی ئەم دواییە لەو دەوروبەرانەدا خەریکی یاریکردن بوون. ئینجا بەرەو تاکە شوێنی گەشتیاری هێبروون واتە مەزاری ئیبراهیم و سارا وەڕێ کەوتین ئەو شوێنەی کە پاش کۆمەڵکوژ کردنی 29 موسڵمانی نوێژکەر لە لایەن سەربازێک لە ساڵی 1995 بۆ سەر مزگەوتێک و کەنیسەیەک دابەش کرا بوو. بۆ دووبارە چوونە ژوورەوە دەبا بە ئاسن‌دۆزێک پشکنینی جەستەیی کراباین کە هەڵبەت ئەم جارەیان پرسیاری سەبارەت بە ئاینیشی پێوە زیاد کرابوو کە هەموومان نابە دڵانە خۆمان وەک شوێنکەوتووی تا ڕادەیەک بێلایەنی مەسیحی لە قەڵەم دەدا. گەشتی ناو مزگەوتەکە لە بەرامبەر بڕە پارەیەکی کەم لە لایەن کەسێکی گەورەساڵی فەڵەستینی ئەنجام درا زۆر سیاسی بوو. زیاتر سەرنجی دەخستە سەر شوێنی فیشەکی ناو دیوارەکان و بە تەواوەتی لە سۆنگەی مێژوویی بە دوور بوو. پاش ئەوە من ماوەیەکم تەرخان دواندنی سەربازێکی ئیسرائیلی کرد کە هەستی خۆی زۆر بە ئاسوودەیی دەردەبڕی.



شاری هێبروون کە لە لایەن سوپای ئیسرائیل لە دیکەی ناوچەکانی هێرون جیا کراوەتەوە.

ئەو سەربازە پێی وتم پاراستنی وڵات ئەرکی سەر شانیەتی و ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین ناومکینە و ئەویش پێشوازی لە وەها شتێک ناکات. ئەو وتی بەش بە حاڵی خۆی لە هەموو فەڵەستینییەکان بێزارە و متمانەی بە هیچیان نییە. شەش کەس لە هاوڕێ نزیکەکانی کوژرا بوون. «ئەمە بۆ هەمووان ڕووی داوە. ئەگەر پرسیار لە ڕۆڵەیەکی فەڵەستینی وەکوو من بکەن ئەویش هەر ئەوە دەڵێ. ڕەنگە ئەویش شەش کەس لە هاوڕێکانی کوژرابێت. هەر هەموومان خوازیاری تۆڵەین.» ئەو هەروەها پێشنیاری پێداین کە ئەگەر بمانهەوێ بۆ بەیانی بە زیندوویەتی لە خەو هەستین لە هێبروون بەتایبەتی شەو لە هیچ هۆتێلێکی عەرەبی نەبێنینەوە. لە کاتی تێپەڕین لە بازگەیەکی پشکنینی قورسی دیکە نزیک لە درگای مزگەوت دوو گەنجمان بینی کە دەستەکانیان لە پێشەوەی خۆیان هەڵپێکا بوو و وەک هێمای شەرم سەریان دانەواندبوو و ڕوو لە دیوار وەستا بوون؛ ڕێک هاوشێوەی تەمبێکردنی منداڵان لە ڕابردوودا بوو. سەربازەکانیش بە شێوەی ئاسایی تفەنگەکانیان لە سەر پشتی ئەم دوو کەسە دانا بوو. کاتی تێپەڕین لەو شەقامە چۆڵانەی کە پێشتر قەرەباڵغ و پڕهاتووچۆ بوو دیدار و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەندامێکی گرووپی پێکهاتوو لە شەش دەوڵەتی ئوروپایی کرد. ئەوان وتیان وەها دیمەنگەلێک باوە و ئیدعا دەکەن کە ئەمە لەم ناوچە داگیرکراوەدا ڕێگەیەکە بۆ دروستکردنی هەستی سەختگیری لە سەربازانی ئیسرائیلی بەرامبەر بە هاووڵاتیانی فەڵەستینی.

لە گەڕانەوەدا لەگەڵ پیاوێکی فەڵەستینی ئاشنا بووم کە ئێمەی بۆ خواردنەوەی قاوە بانگهێشتی ماڵەکەی خۆی کرد. بە باوەڕی ئەو، ئەو بارودۆخەی کە ئێمە لە شاری هێبروون بەدیمان کرد تا ڕادەیەک باش بوو. ئەو لە درێژەدا وتی هەر بارودۆخەکە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لە درێژەی ئینتفازە و هەروەها هێرشەکانی هەر دوو لا وەها خراپ ببوو کە ئەو و بنەماڵەکەی بۆ ماوەی 5 ڕۆژی بەردەوام بە هۆی ترسەوە لە ماڵ نەهاتنە دەر. پاش تێپەڕین لە بازگەی پشکنین و دەروازەکان، لە کۆتاییەکانی شەودا بەشی ئیسرائیلیی شاری هێبروونمان بە جێ هێشت و بەر لەوەی بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە بە زیندوویەتی لە خەو ڕاپەڕین و هێبروون بەرەو ئاریحا بە جێ بێڵین لە یەکێک لە هۆتێلەکان شەومان بە سەر برد.



وتی بەش بە حاڵی خۆی لە هەموو فەڵەستینییەکان بێزارە و متمانەی بە هیچیان نییە. شەش کەس لە هاوڕێ نزیکەکانم کوژرا بوون. ئەمە بۆ هەمووان ڕووی داوە. ئەگەر پرسیار لە هەر ڕۆژەیەکی فەڵەستینی وەکوو من بکەن ئەویش هەر ئەوە دەڵێت.

پاش گەڕانەوە بۆ ئوورشەلیم من لەگەڵ دووکاندارێکی کوردی جوولەکە ئاشنا بووم کە بە وتەی خۆی بە ڕەچەڵەک خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق بوو. جەلیل زمانی کوردی نەدەزانی بەڵام بە زمانی عەرەبییەکی لەق و تەق یەکترمان دواند. ئەو دەیوت لە ئیسرائیل زۆر کوردی جوولەکە دەژین و هەموویان لە ئێران یان هەرێمی کوردستانەوە هاتوون. زۆر وریا بوو کە تێکەڵ بە باسی سیاسی نەبێ و زۆر هۆگری پرسیار سەبارەت بە کورد نەبوو.

لە درێژەی ماوەی مانەوەمان بەسەرهاتی هاوشێوەی زۆرمان لە خەڵک بیست؛ بۆ وێنە لە هۆتێلێکی سەیر و سەمەری وەک ئاریحا کە شەوێکمان لەوێ بەسەر برد لەگەڵ خاوەن هۆتێلەکە ئاشنا بووین و گفتوگۆمان کرد. ناوبراو دەیگێڕاوە کە 300 سەربازی ئیسرائیلی لەو باغەدا پاش شەش کاتژمێر خۆڕاگری و گەمارۆدانی هۆتێل، هاوڕێکەی ئەویان کوشت. چوونکە بە گوێرەی کۆمەڵێ ڕاپۆرت ئەو و هاوڕێ چەکدارەکەی کە هەر دووکیان لایەنگری ئەلئەقسا بوون خەریکی پیلانگێڕی ناو هۆتێلەکە بوون. ئینجا شوێنی بڕینی 4 فیشەکی لە سەر جەستەی خۆی بە ئێمە پیشان دا. بۆ ڕۆژی دوایی بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانێک کە لە لایەن سەرۆک کۆماری فەڵەستین ئەبوو مازەن (کە پاش جیابوونەوەی غەزە بە مەحموود عەباس دەناسرێت) لە شاری ڕامەڵا لە پاڵ مەزاری یاسر عەرەفات بەڕێوە دەچوو دیسان لە دەروازەکانی ناسراو بە کالیدایا تێپەڕین.

هەندێ لە دیپلۆماتکارە بیانییەکان و ڕێبەرانی ئاینیش لەم کۆبوونەوەدا کە زیاتر لە ئاهەنگ دەچوو و هەڵبەت بە باشیش بەڕێوە نەچووبوو ئامادە بوون.



سەرۆک کۆمار عەباس خەریکی وتاردان لە ڕێوڕەسمی ڕامەڵایە؛ بڕیارە لێواری ڕۆژاوایی و ئورشەلیم ئازاد ببن.

هەتا کاتی وەڕێکەوتنم چیتر سەبارەت بە بارودۆخ و وردەکارییەکانی کێشمەکێشی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین دڵنیا نەبووم، بابەتێک کە ڕەنگە یەکێک لە ئامانجەکانی من لەم سەفەرە بوو. سەرەڕای ئەمە بە وەبیرهێنانەوەی ئەو سووکایەتییانەی کە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە بەرامبەر بە ئێمە لە کاتی هاتن بۆ وڵات و هەروەها چوونە دەرەوە (جانتاکانی ئێمەیان پاش فڕین ڕاگرت و دوای سێ ڕۆژ بۆیان ناردینەوە) ڕووی دا، ڕەنگە بتوانم بەشێک لەو تووڕەیی و سووکایەتییەی کە هەموو ڕۆژێ فەڵەستنییەکان بە ئەزموونی دەکەن تێبگەم. هاوکات تێدەکۆشام بۆ ئەوەی لە هەستی جوولەکە سڤیلەکان بەتایبەت ترس لە کوژرانیان بە هۆی تەنیا ئیسرائیلیبوونیانەوە تێبگەم؛ هەروەها هەستی دەوڵەتەکەیان کە بە وتەی گابرییەل (شاعیری جوولەکە) لە لایەن دەنگی مەرجداری تاقمێکی بچووک لە میلیشیای کۆنسێرڤاتیڤ و پشتیوانکراوی سوپا داگیر کرابوون. بێگومان دەتوانین هەر ئەم بابەتە بە جۆرێک لە جۆرەکان سەبارەت بە حیماس و حیزبوڵا بۆ لایەنی فەڵەستینیی دووپات بکەینەوە. پاش گەڕانەوە ئەم بابەتەم لەگەڵ یەکێک لە ئاشنا ئینگلیزی (جوولەکە)ـکەم باس کرد کە دەیوت هەرگیز بۆ سەردانی ئیسرائیل هەستی بە ئاسوودەیی نەکردووە و ناکات. من هێشتا لەو ئەزموونانەی کە لەم سەفەرە هەمبوو و گێڕانەوەیان پەشۆکا بووم و ئەوانەم لەگەڵ ئەزموونەکانی ڕابردووی

کاتی سەفەرم بۆ دیکەی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی نێوەراست هەڵدەسەنگاند. لە سەر پێشنیاری ئەو هەوڵم دا ئەو تووڕەییەی کە تازە بە ئەزموون کردبوو و هەستم پێکردبوو بە مەبەستی پیشاندانی ژیانی کەسانی دانیشتووی ئەو ناوچە و هەلومەرجی ڕاستەقینەی ئەوێ وەک وتار و یادداشتی سەفەر بینووسم. سەرەڕای ئەوەی هیچ دەقێک ناتوانێ ئەو دادپەروەرییەی کە من لەوێ بینیومە و ئەزموونم کردووە ڕەچاو بکا و هەروەها هەستی سەرسووڕمانم لەوەی کە ئەم ڕووداوانە بە بێ هیچ هاوارێکی گەیێنەرتر لە لایەن جیهانیانەوە هەر وا بە پتەوی دەمێنێتەوە. © *Kameelahmady.com مانگی خەزەڵوەری 1384ـی هەتاوی*

سەبارەت بە نووسەر

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناسی کۆمەڵایەتی و توێژەر، براوەی خەڵاتی «ناموووس» لە زانکۆی یاسای لەندەن لە بنیاتی مافەکانی ژنان **(IKWR)** و براوەی خەڵاتی «ئاشتی» بنیاتی جیهانی ئاشتی بەشی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی **جۆرج واشینگتۆنە**. توێژینەوەکانی کامیل ئەحمەدی سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی، ئێتنیکەکان و پرسەکانی پەیوەست بە ڕەگەزێتی (جێندەر) و منداڵان بووە. وتار و توێژینەوەکانی پێشووی ناوبراو بە زمانەکانی ئینگلیزی، تورکی ئەستەنبوڵی، فارسی و کوردی لە ژێر ئەم ناوانە چاپ کراون:

- **ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا** (ڕوانینێکی خەڵکناسانە بۆ داب و نەریتی مزۆپۆتامیا)؛ (Etkim press (Istanbul, Turkey 2009

-بە ناوی نەریت (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران) کە لە لایەن Uncut Voices Press-Frankfurt و وەشانخانەی شیرازە چاپ کراوە؛

- **زایەڵەی بێدەنگی** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران) بڵاو بۆتەوە لە Nova Science Publisher, Inc., New York 2017؛

- **ماڵێک لە سەر ئاو** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیغە / هاوسەرگیری کاتی لە ئێران) کە دەقە فارسییەکەی لە لایەن وەشانخانەی شیرازە بڵاو بۆتەوە و وەشانخانەی مێهری لە لەندەنیش دەقە ئینگلیزییەکەی چاپ کراوە؛

- **ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری سپی لە ئێران) بە ئینگلیزی و فارسی کە وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کراوە؛

- توێژینەوەیەکی دیکە بە ناوی **تاڵانی منداڵی** بۆ ئەنجوومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان ئەنجام درا کە بابەتی زبڵگەڕی منداڵانی لە تاران تاوتوێ کردووە و لە ساڵی 1398ـی هەتاوی ڕوونوێنی کرا؛

- دەقی ئینگلیزی و فارسی دەقی **شاری قەدەغەکراو** (توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران) کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

- و توێژینەوەیەکی ناوبراو لە ژێر ناوی لە **سنوورەوە هەتا سنوور** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران) کە 5 ئێتنیکی عەرەب، بەلووچ، کورد، فارس و تورکی تاوتوێ کردووە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

-دواییین توێژینەوەکانی نووسەر سەبارەت بە **خەتەنەی پیاوان** و **جۆرەکانی کاری منداڵان لە ئێران** خەریکە چاپ دەکرێت.

توێژینەوەکانی لە ماڵپەڕی خۆیان دەست دەکەوێت: www.kameelahmady.com